سـەرۆكايەتى ئەنجـومـەنى وەزيـــران
وەزارەتــی داد
بەڕێوەبەرايــەتى دادى گشـتى
بەڕێوەبەرايەتى پـلان دانان
بــەروار : ٢٠٠٢/٨/١٤

## ڕێنمـايى ژمـارە (٢)ى سـاڵى ٢٠٠٢
## ڕێنمايى پووچەڵكـردنەوەى مامەڵەكـانى سـەرلەنـوێ تۆماركـردنەوە لە قەزاى زاخـــۆ

پشت بەو دەسەلأتەى بە پێى بڕيارى ژمارە (٧)ى سـاڵى ٢٠٠٢ى پەرلـەمانى كوردسـتان پێمـان دراوە و ، بۆ ئاسـانكارى پيـادەكردنى بڕيـارى پەرلـەمان ژمـارە (٧)ى سـاڵى ٢٠٠١ سەبارەت بە پووچەڵكردنەوەى مامەڵەى سەرلەنوێ تۆماركردن لە قەزاى زاخۆ ، بڕيارمانـدا بە دەركردنى ئەم ڕێنماييەى خوارەوە :

١. تێبينەرايەتى تۆمارگەى خانووبەرەى زاخۆ گشت ئەو مامەلأنەى تۆمـارى سـەرلەنوێ هەڵدەوەشێنێتەوە ، كە لە ١٩٩١/٣/٥ بەدواوە ئەنجامدراون و لايەنى پەيوەنـدارى پـێ ئاگادار دەكاتەوە . بڕيارى پەرلەمان ئەو مامەلأنـە ناگرێتـەوە كـە بـە نـاوى حكومـەتى هەرێمى كوردستان ـ عێراق تۆمار كراون .
٢. ليژنــەى ئامـاژەپێكراو لـە بڕيـارى پەرلـەمان بـە (ليژنـەى تايبـەت بـە چەسـپاندنى موڵكايـەتى) نـاو دەبرێـت و كارەكـانى بـە پێـى ڕێكارەكـانى سـەرلەنوێ تۆمـاركردنى ياساى تۆمارگەى خانووبەرەى ژمارە /٤٣ى ساڵى ١٩٧١ى هەمواركراو بەڕێوە دەبات.
٣. لايەنى پەيوەندار بۆى هەيە ، لە ڕێگەى تێبينەرايەتى تۆمارگاى خانووبەرەى زاخۆ ، جارێكى دى داواكـارى تۆمـاركردنى سـەر لـەنوێى خانووبەرەكـە پێشكەش بـە ليژنـەى پێكهێنراو بە پێى بڕيارى ژمارە (٧) لە ساڵى ٢٠٠١ى پەرلەمان بكاتەوە .
٤. ليژنەكە داواكارى سەرلەنوێ تۆماركردنى ئەو كەسانە دەبينێت ، كـە مامەڵـەكانيان پووچەڵ كراونەتەوە و ، تانووت لە بڕيارى بە تۆمـاركردن و ڕەتكردنـەوەى لـە بـەردەم دادگـاى تـەميزى هـەرێمى كوردسـتان لـە مـاوەى (٣٠) ڕۆژ لـە پێراگەيانـدنى لايـەنى پەيوەندار دەدرێت و ، وەزارەتە پەيوەندارەكان هەمان مافى تانووت لێدانيان هەيە .
٥. مامەڵەى سەرلەنوێ تۆمـاركردنى زەوى كـشتوكاڵى ئـەو كەسـانەى بـە پێـى مـاددە (١)ى بڕيارەكـە مامەڵـەيان پووچـەڵكراوەتەوە لـە دەسـەلأتى ليژنەكەنييـە . ئەوانـە دەتـوانن داواكـارى پێشكەش بـە ليژنـەى چەسپاندنى مـافى زەوى كـشتوكاڵى لـە

ئـــــەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری بکەن ، چونکە داواکاریەکەیان دەکەوێتە بەر باری یاساکانی چاکسازی کشتوکاڵیی بەرکار لە هەرێم .

٦. لیژنەکە ، جگە لە داواکاری سەر لە نوێ تۆمارکردنی ئەو کەسانەی مامەڵەیان پووچەڵ کراوەتەوە ، مامەڵەی کەسانی دی لەسەر ئەو زەویانە نابینێت ، مامەڵەی ئەوان دەکەوێتە بەرباری برگە ٢ مادده /٤٦ی یاسای تۆمارگەی خانووبەرەی ژمارە ٤٣ی ساڵی ١٩٧١ هەموارکراو .

٧. أ ـ دوای پووچەڵکردنەوەی ئەو مامەلانەی لە برگەی دووەم و سێیەمی بڕیاری پەرلەماندا هاتووە و پێڕاگەیاندنیان ، ئەگەر لایەنی پەیوەندار جارێکی دی داواکاری پێشکەش بە لیژنەکە نەکرد یان ئەگەر پێشکەشی کرد و لیژنە رەتی کردەوە و بڕیارەکە پلەی بنبڕی بە دەستهێناو خاوەندارێتی موڵکەکە بۆ کەس دەرنەچوو و بە هەڵواسراوی مایەوە ، ئەو ا دوای ساڵێك بە پێی ماددەکانی ٤٣ و (٥٠ ی دووبارە) لە یاسای تۆمارکردنی خانووبەرەی ژمارە (٤٣)ی ساڵی ١٩٧١ هەموارکراو موڵکەکە بە ناوی دەوڵەت تۆمار دەکرێت .

ب ـ ئە مامەلانەی بە پێی ماددەی یەکەمی بڕیارەکە پووچەڵ کراونەتەوە ، دەکەونە دەسەلاتی لیژنەی تایبەتمەند بە چەسپاندنی مافی زەوی‌وزار لە وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری و بە پێی یاساکان تێدەڕواندرێن ، ئەگەر خاوەندارێتی و مافی رەفتاریان بۆ هیچ کەس و لایەنێك ساغ نەبووەوە ، یان خاوەن مامەلە پووچەڵکراوەکان ، دوای پێڕاگەیاندنیان بە پووچەڵکردنەوەکە ، داوای دیکەیان پێشکەش بە وەزارەتی ناوبراو نەکرد ، ئەوا ئەو زەویانە دوای ساڵێك بە پێی مادەی ٤٣و (٥٠ ی دووبارە) لە یاسای تۆمارگای خانووبەرەی ژمارە /٤٣ی ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراو پاك لە پاك بە ناوی میری تۆمار دەکرێن .

٨. ئەم رێنماییە لە رێکەوتی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت .

**هادی علی**
**وەزیری داد**

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com